تره‌مپ: ره‌نگه‌ ماوه‌ی ئاگربه‌ست له‌گه‌ڵ ئێران درێژ نه‌که‌مه‌وه‌



دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا رایده‌گه‌یه‌نێت، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ ئێران نه‌گه‌نه‌ ڕێککه‌وتن، ره‌نگه‌ ماوه‌ی ئاگربه‌ست درێژنه‌کاته‌وه‌.

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا له‌ لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامه‌نوسان وتی، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ تاران نه‌گه‌نه‌ ڕێککه‌وتنی ئاشتی، ئه‌وا ئامانجیه‌تی درێژه‌ی به‌ گه‌مارۆ ده‌ریاییه‌که‌ی سه‌ر به‌نده‌ره‌کانی ئێران بدات و هه‌روه‌ها ره‌نگه‌ ماوه‌ی ئه‌و ئاگربه‌سته‌ درێژ نه‌کاته‌وه‌ که‌ ڕۆژی چوارشه‌ممه‌ کۆتایی دێت.

ئه‌و له‌ وه‌ڵامی پرسیاری ڕۆژنامه‌نوساندا وتی "ره‌نگه‌ ئاگربه‌سته‌که‌ درێژ نه‌که‌مه‌وه‌، به‌ڵام درێژه‌ به‌ گه‌مارۆ ئابوورییه‌که‌ی سه‌ر به‌نده‌ره‌کانی ئێران ده‌ده‌م."